شانۆنامەی چیرۆکی

# کراسێک و کەمانچەیەک

نووسینی:

## ئەندرێ پراگا

وەرگێڕان بۆ زمانی فارسی:

**داریوش موئدیبیان**

وەرگێڕان لە فارسییەوە:

**ڕەحمان عەزیزی**

**کەسایەتیەکان:**

**ژۆول بۆوتۆن - فرۆشیاری کراس-پیاوێکی پەنجا ساڵە، کورت و قەڵەو، قژی لوول.**

**ژۆ_گەنج لە تەمەنی بیست ساڵیدا**

**ژک_ پیاوێکی تەمەن ٤٠ ساڵ**

## تابلۆی یەکەم

## (بۆتۆن - ژۆ)

**لەناو دوکانێکی فرۆشتنی کراسی لوکس**

**لەسەر کەوانتەری سەرەکی ئاوێنەیەک بە ستاندەوە،لە پشت کەوانتەرەکەی تەنیشت دیوارەکە،ڕەفەیەک کە لە خوارەوە کشۆی گەورەی هەیە و لە سەرەوەی ڕەفەی بۆ دابینکردنی کراس. هەموو جۆرە قوماشی کراسێکی چەرموو لەسەر ئەم ڕەفەیە دیارە، لە گۆشەیەکی دوکانەکەدا مێژکی مۆدێرن و جوان و چەند کورسییەکی دەوری هەیە، هەروەها گۆڤاری مۆدەی پیاوان لەسەر مێزەکە.**

**کاتێک پەردە بەرز دەبێتەوە،**

**ژۆول بۆتۆن پاککردنەوەی کەوانتەرەکەی تەواو کردووە و ئامادەیە پێشوازی لە کڕیاران بکات.پیاوێکی پەنجا ساڵە، کورت و قەڵەو، قژی لوول.**

**گەنجێکی لە تەمەنی بیست ساڵیدابەجل و بەرگی سادە و هەژارانە. دێتە ژوورەوە،**

**کەیسێکی کەمانچەی لە ژێر قۆڵیدایە.**

**بۆتۆن نیگایەکی گوماناوی لێدەدکات و ژۆ بە شەرمەزارییەوە دێتە پێشەوە.**

**بۆتۆن: چیت دەویست؟ کراس، کراوات، پیچامێ؟چیتان پێشکەش کەم؟**

**ژۆ: شتێک...واتە...**

**بۆتۆن: بەرێز گیان تەنها ئەمڕۆ نوێترین مۆدێلی کراس و پۆلیلاین و ئاوریشم و هەموویان باشترین مادده و باشترین ڕەنگ و باشترین درووومانمان وەرگرتوە.**

**ژۆ: «دوای کەمێک دوودڵی،» دەزانی، کراسێکی فەرمیم دەویست، کە بێگومان...**

**بۆتۆن: کراسێ فەرمی،هەر جۆرێک کە بتەوێت!بۆ پۆشینی فەرمی یان تاکسیدۆ؟**

**ژۆ: جلی فەرمی... هەروەها پێویستم بە یخەی "گەڕاوە" و پاپیونێکی سپییە.**

**بۆتۆن: قەبارە؟**

**ژۆ: کراس: ٣٨ یخە ٣٩**

**بۆتۆن: (کراسێک لە کشۆکە دەردەهێنێت) بۆ ئێوە ئەم کراسە پێشنیار دەکەم،کوالێتی نایاب، ناوازە، نرخی یەکجارەکی ٥٠٠ فرانکە**

**ژۆ: کێشەکە ئەوەیە من نامەوێت بکڕم**

**بۆتۆن: بەڵێ... تکایە**

**ژۆ: (بە شرمەوە) تکایە خەمت نەبێت. من دەستفرۆش نیم.بۆ وەرگرتنی یارمەتیش نەهاتووم،**

**بوتۆن: (زۆر وشک) کەواتە چیت دەوێت ؟**

**ژۆ: کاکە دەبینیت من خۆشم ون کردووە.ئەوە ئەوەیە کە من لێتم دەوێت...کە بۆ من...ئەم خزمەتگوزارییە... واتە ئەم میهرەبانییەم لەگەڵ دا بکەیت...ڕەنگە کەمێک نائاسایی بێت... دەتوانم بڵێم ""ناسروشتی""؟ ئەوەیە داواتان لێ بکەم ئەمشەو ئەم کارە مەزنەم بۆ بکەن و تەنها بۆ ئەم ئەمشەو.کراسێکی فەرمی،یخەیەک و پاپیونێکم بە قەرز بدەیتێ؟**

**بوتۆن: پێم وایە بە هەڵە هاتویتە دوکانەکەم .جل و بەرگی کرێم نییە!دوکانێکی تایبەت هەیە بۆ ئەمە، دەتوانیت...**

**ژۆ: دەزانم کاکە، کێشەکە ئەوەیە پارەی کرێ کەم نییە، بە تایبەت کە داوام لێدەکەن گرەنتییان پێبدەم... دەزانی یەک فرانکم نییە.**

**بۆتۆن: چۆن؟**

**ژۆ: ڕەنگە بەلاتەوە سەیر بێت، بەڵام قبوڵ بکە کە هەژارانیش هەن لەم دونیایەدا، کەسانێک کە ڕەنگە یەک فرانکیان نەبێت، من خوێندکاری کۆنسێرڤاتۆری مۆسیقام، لە پۆلی کەمانچەی ئاڵتۆدا ،دەبێت پێت بڵێم: هەموو مانگێک،خێزانەکەم پارەم بۆ دەنێرن، هەموو ئەمانە بۆ کرێی ژۆورێک وژەمێکی کورتی ڕۆژانە و چەند پێداویستییەکی تر بەکاردێت، بەڵام ئەم مانگە باوک و دایکم کە لە شار دەژین نەیانتوانی هیچم بۆ بنێرن. ئەوان خۆیان کێشەی دارایی یان هەیە... باشە با بگەینە خاڵەکە... بۆ ئەمشەو، دواجار توانیم شتێک بکەم. ئاهەنگێک لە کۆشکی بارۆن "کالڤیل دۆمۆندگام" ڕێک خراوە... من و هەندێک هاوڕێمان پێکەوە ئۆرکێسترای ژۆورمان ڕێکخست و "بارۆن" ئەمشەو بانگهێشتی ئاهەنگەکەی کردووین، ئەو پارەیەی کە بۆ ئەمشەو پێم دەبڕێت... چەند هەفتەیەک.. لە نیگەرانی دارایی ڕزگارم دەکات... بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە دەبێت جلێکی فەرمیم هەبێت، توانیم چاکەت و پانتۆڵێک لە یەکێک لە هاوڕێکانم قەرز بکەم. هەر بۆیە نارەحەتم کردیت، پێم وابوو ڕەنگە بتەوێت یارمەتی گەنجێکی شاری بدەیت، وە بەڵێنت پێدەدەم کە هەموو ئەمانە بۆت دەگەڕێنمەوە بە سەلامەتی و خاوێنی.**

**بۆتۆن: زۆر لەم قسانە بیستوە. کێ گەرەنتی دەدات سبەی بەیانی ئەم شتانەم بۆ بگەڕێنیتەوە؟**

**ژۆ: کاکە هەرچەندە هەژارم، بەڵام کەسێکی باشیشم. ڕاستە تۆ من ناناسیت، بۆیە نادڵنیاییەکەت تەواو مەعقولە، نازانم چ گەرەنتییەکت پێ بدەم؟... بۆ نموونە دەتوانم ئەم کەمانچەیەت پێ بدەم.**

**بۆتۆن: پێم وانییە بایەخی ئەوتۆی نەبێت؟!**

**ژۆ: بەڵام بۆ من زۆر گرنگە، یادەوەرییەکی بنەمالییە.**

**بۆتۆن: زۆر باشە ،چی دەکرێت... بەڵام با بزانم ئەمشەو پێویستت بەم ئامێرە نییە؟**

**ژۆ: نەخێر ئەمشەو کەمانچەی ئاڵتۆ دەژەنم... سبەی بەیانی دێم بۆ کەمانچەکەم و ئەم شتانەت بۆ دەهێنمەوە.**

**بۆتۆن: زۆر باشە، کارێکی خێرە، مەبەستم ئەوەیە هەمیشە هەوڵم داوە کەسێکی خێرخواز بم.باشە قبوڵە**

**(ژۆ کەیسی کەمانچەکەی بۆ درێژ دەکات)**

**ژۆ: ببورە، تکایە زۆر ئاگاداربە!**

**بۆتۆن: دڵنیابە، دڵنیابە، بەڵام با سەیری ناو سندوقەکە بکەم بۆ ئەوەی دڵنیا بم، (بۆکسەکە دەکاتەوە و کەمانچەکە دەبینێت)باشە، ڕاستە...(کراسێکی سپی لە ژێر کەوانتەرەکە دەردەهێنێت و دواتر کۆلارەیەکی لاپڵ لەسەری دادەنێت) باشە ئەم کراسە کەمێک کۆنە، بەڵام باشە...ئەمە کۆلارەیەکی وەرگەڕاوە بۆ دواوە و کراوات پاپیونێکی کەوانە. ، تکایە فەرموو.**

**ژۆ: زۆر سوپاس کاکە. تۆ زۆر زۆر باشیت!**

**بۆتۆن: چوو زانم!؟؟منیش وەک هاوکارەکانم ڕەنگە سەرەتا وشک دەرکەوم، بەڵام ئەگەر پێش بێت بە دڵنیاییەوە یارمەتی مرۆڤ کان دەدەم.**

**ژۆ: تۆ مرۆڤدۆستیت. من حەزم لە وشەی زەق نییە، تەنیا دەتوانم بڵێم تۆ "فریادڕەسی" منیت،**

**بۆتۆن: ئای زیادەڕەوی دەکەیت، "ژۆول بۆتۆن" (ئاماژە بە خۆی دەکات) هەمیشە هەواداری هونەرمەندی گەنج بووە... کراسەکەت بۆ کۆ دەکەمەوە.**

**(کراسەکە کۆدەکاتەوە و بۆ ژۆ درێژی دەکاتەوە).**

**ژۆ: کاک بۆتۆن، دەبێت بڕۆم. دووبارە هەزار جار سوپاس. جارێ خواحافیز،تا سبەی بەیانی! دڵنیابە خوای گەورە شادتان دەکاتەوە**

**بۆتۆن: خوای گەورە ئاگای لێتان بێت**

**(ژۆ دەردەچێت.بۆتۆن کەیسی کەمانچەکە دەخاتە سەر ڕەفەی پشت کەوانتەرەکە)**

**بۆتۆن:بۆتۆن«ژۆول بۆتۆن»، لایەنگری هونەر و هونەرمەندان، کێ بیری لێدەکردەوە.**

## تابلۆی دووەم

### (بۆتۆن - ژك)

دوای چەند کاتژمێرێک هەمان دیکۆر.

بوتۆن لە پشت کەوانتەرەکەوە وەستاوە. پیاوێکی تەمەن ٤٠ ساڵ دێتە ژۆورەوە، زۆر پاک و باش جل و بەرگی لەبەردایە، بە لەهجەیەکی ئەستووری ئینگلیزی قسە دەکات، بۆتۆن بە چەپڵە لێدان کرنۆش دەبات.

بۆتۆن: فەرمایشت هەبوو کاکە؟

ژک: بەڵێ ویستم ئەو کراواتە ببینم کە لە پەنجەرەکەدا نمایشت کردووە، ئەو کراواتە سوورەی کە هێڵە سپییە تەنکەکانی لەسەرە، بەڵێ ، ئەوە..ببینم

بۆتۆن: ئای بەڵێ بەڵێ!من تێگیشتم مەبەستت کامەیە. هەر ئێستا پێشکەشتانی دەکەم کراواتێکی زۆر شیکە. لە ئیتاڵیا هاوردە کراوە. ئاوریشمی سروشتیە، زۆر زۆر ڕەسەن!گرنگی بە نەخشە ناسکەکانی بدە. لە هەمان کاتدا، بە تەواوی "مۆدە"!

(ئەو کراواتەکە بۆ کڕیار درێژ دەکات. کڕیارەکە کراواتەکە تاقی دەکاتەوە هەر لە سندوقەکەی خۆیدا بە سەر جلەکانیدایە، لەبەردەم ئاوێنەیەکی بچووک لەسەر کەوانتەرەکە.)

بۆتۆن: بە تەواوی واتە "١٠٠٪ بۆ" ئێوەیە

ژک: زۆر زۆر تەواوە. بەڵێ ئەمەم دەوێ.

بۆتۆن: نرخی سی سەد فرانکە!

(ژک بەبێ هیچ چ نارەزایەتی و گفتوگۆیەک نرخەکەی دەدات).

بۆتۆن:ببورن تۆ ئینگلیزی ؟

ژک: ئاە، دواجار ئەم لەهجە ئینگلیزییە نەفرەتییە منی ئاشکرا کردووە..... بەڵێ، شانازی دەکەم کە ئینگلیزیم. من هەمیشە لەم لایە ژیاوم، دوور لەو دوورگە بچووکە بەناوی بەریتانیا. برۆکسل شارە خۆشەویستەکەی منە. وە تۆ؟...تۆ مۆسیقژەن؟...واتە مۆسیقا...

بۆتۆن: مۆسیقاژەن؟!...نا... بۆچی ئەم پرسیارە دەکەیت؟!

ژک: (ئاماژە بە کەیسی کەمانچەی ژۆ دەکات لەسەر ڕەفەکە) پێم وابوو کەمانچەکەت دەژەنی..

بۆتۆن: (بە پێکەنینەوە) نەخێر...ئەم ئامێرە هی من نییە. وەک گەرەنتییەک لە خوێندکارێکی هەژاری کۆنسێرڤاتۆری وەرگرتووە. پێویستی بە کراسێکی فەرمی بوو، بەڵام هیچ پارەیەکی نەبوو.

ژک: ئاه، سەرنجڕاکێشە... بەڕاستی، ئەوە سەیرە!... زۆر باشە کاکەماڵئاوا...

(چەند هەنگاوێک دەنێت بۆ ئەوەی بڕوات. بەڵام دەگەڕێتەوە)

کاکە خولیایەکم هەیە،دەتوانم بڵێم ئەوە نەخۆشییە، ئەوە خولیایەکی تایبەتە، بەڵێ....هەمیشە کۆمەڵێک ئامێری کۆن، واتە ئامێری کۆن کۆدەکەمەوە، بەسە بۆ من ئامێرێکی مۆسیقا ببینم، یەکسەر کنجکاو دەبم، دەمەوێت بزانم چ مۆدێلێکە، هی چ ساڵێک بووە و کێ دروستی کردووە.. ڕێگەم پێدەدەیت چاوێک لەم کەمانچەیە بکەم.؟

بۆتۆن: بێگومان کاکە تکایە من تەنها نیگەرانم لەوەی جەنابی بەڕێزت پەشیمان دەبێتەوە لە بینینی ئەم ئامێرە شکاوە. بە دڵنیاییەوە کەمانچە زۆر زۆر ئاساییە .شتێک کە دەتوانرێت بۆ کراسەوە گرێبەست بکرێت، نابێت هیچ بەهایەکی هەبێت، دەتوانیت بە چاوی خۆت بیبینیت...

(لەگەڵ دوا ڕستەدا کەیسی کەمانچەکە درێژ دەکاتەوە بۆ ژک. ژک بە وریاییەوە و بە لێهاتوویی تایبەت کەمانچەکە لە سندوقەکە دەردەهێنێت. دوای ئەوە مایکرۆسکۆپێکی تایبەت لە گیرفانی دەردەهێنێت و بە هێمنی و پیشەیی تاقیکردنەوە پێویستەکان ئەنجام دەدات. )

ژک: (وەک ئەوەی لەگەڵ خۆیدا قسە بکات) باوەڕپێنەکراوە... باوەڕپێنەکراوە... ئای خوایە...

بۆتۆن: چی باوەڕپێنەکراوە؟

ژک: بەڵام... بەڵام تۆ... پێموایە ئامرێکی زۆر زۆر بەنرختان هەیە.

بۆتۆن: چۆن...؟ شایستە؟!!!

ژک: ئەگەر هەڵە نەبم... یەک .."یەکێک لە «ستراديڤاريۆس» بەڵێ، ئەوە «ستراديڤاريۆس»ە.

بۆتۆن: «ستراديڤاريۆس»!!!؟بە دڵنیاییەوە جەنابی بەڕێزتان هەڵە بیت ،داوای لێبوردن دەکەم!ئایا دەکرێت ئەو گەنجە هەژارەی بینیم ستراديڤاريۆسی هەبێت؟!

ژک: دەکرێت.. بەڵام دەزانم کە لە جیهانی ئێمەدا هێشتا چاوەڕێی موعجیزە دەکرێت..

(بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە دەستی بەسەرئامێرکە دا دێنێت)

هەر ئێستا ئەمەت لێ دەکڕم... لە بەرامبەردا پێنج سەد هەزار فرانکت پێ دەدەم.

بۆتۆن: پێنج سەد هەزار فرانک بۆ ئەم وۆنگ وۆنگە؟!!

ژک: (زۆر پتەو و یەکلاکەرەوە) بەڵێ، وتم پێنج سەد هەزار فرانک و ئێستا، من کڕیارم!

بۆتۆن: (ماوەیەک بیردەکاتەوە، پاشان بە لایەکدا دەڕوانێت) من...بەڵام من...بەڕاستی حەز دەکەم ئەم کەمانچەیە پێشکەشتان بکەم،بەڵام ویژدانن... ئەمڕۆ ناتوانم ئەم ئامێرەتان بۆ دابین بکەم...وئەمڕۆ

پێتان بدەم... دەبێت مۆڵەت لە خاوەنەکەی وەربگرم. بە دڵنیاییەوە سبەی بەیانی دێتە ئێرە... پێشنیاری ئێوەی بۆ دەخەمەڕوو.

ژک: سوپاس... سبەی، پاشنیوەڕۆ دەگەمە ئێرە. ئەگەر گرێبەستەکە ئەنجامدرابێت،، یەکسەر چێکی سیتیبانکت پێدەدەم...... ئای بەڕاستی کاکە،ئای کاکە تۆ چاکەیەکم بۆ دەکەیت.

بۆتۆن: کەواتە من!..

ژک: حافز خۆی.. بای..

بۆتۆن :(سەیری دەکات) ببورە کاکە بەڕێز، لەوانەیە پرسیارێکی بچووکت لێ بکەم... بەڕاستی ببورە... وتت چێک دەکێشیت... کێشەکە ئەوەیە...

ژک: ئاه! تێدەگەم... دەترسیت چێکێکی خراپت پێ بدەم؟

بۆتۆن: بەڕێز تکایە نارەحەت مەبە... کێشەکە لەوەدایە تەنها چەند خولەکێک نەبووە کە شەرەفی ناسینی تۆم هەبووە. چی دەتوانم؟!!من سروشتێکی ڕەشبینم هەیە... بە دەست خۆم نییە.خەتای من نییە.

ژک: تکایە خۆت بێزار مەکە. ئەگەر منیش جێ تۆ بومایە، منیش هەمان شتم دەکرد. زۆر باشە!سبەی بە ئامادەبوونی من دەتوانن پەیوەندی بکەن بە «سیتیبانک» و هەموو کاروباری بازرگانیم لەم بانکە ئەنجام دەدرێت. من «لۆرد کناچول دۆنیلی»م، لە هۆتێلی مێترۆپۆل دەمێنمەوە.

بۆتۆن: زۆر دڵخۆشم جەنابی لۆرد. ڕێگەم بدەن منیش خۆم بناسێنم، ژۆول بۆتۆن.

ژک: (زۆربە ساردی): باشە ئاغای بۆتۆن، خۆشحاڵم. (سەیری کاتژمێرەکەی دەکات) کاتی ئەوە هاتووە من بڕۆم. لە باڵێۆزخانە چاوەڕێم دەکەن. خوای گەورە بتپارێزێت ، سبەی دەتبینمەوە...تاکوو سبەی.

بۆتۆن: (بەدوای ئەودا بەرەو دەرگاکە دەچێت) من زۆر زۆر دڵخۆشم. ماڵئاوا

(ژک دەچێتە دەرەوە، بوتۆن بە تەنیا دەمێنێتەوە)

بۆتۆن: زۆر سەیرە!چی ڕوویدا!سەرسوڕهێنەرە...مەبەستم ئەوەیە باوەڕپێنەکراوە!... چ کەسێکی سەرنجڕاکێشە... بەڕێزکی ڕاستەقینە. ئەرستۆکراتێک... ئینگلیزکی ڕاستەقینە... و ئەوەندە سادە و پاک!

(دەستەکانی بەیەکەوە دەسوێت و دواتر کەمێک وەک سەماکاران باز دەدات و بە خۆیەوە چرپە دەکات:)

!quest-ce quon attend pour erre heueaux

quest-ce quon attend pour faire la fcte

# تابلۆی سێیەم

## (بۆتۆن-ژۆ)

**هەمان دیکۆر: سبەی بەیانی، بۆتۆن چاوەڕێ دەکات و بە دەمارگیرییەوە لە پشت کەوانتەرەکەوە دەڕوات. ژۆ دێتە ژوورەوە، ئەو دڵخۆشە.)**

**بۆتۆن:** ئای  هاتیت؟ بە بینینتان زۆر خۆشحاڵم .

**ژۆ:** منیش زۆر زۆر دڵخۆشم!سوپاس کە....

**بۆتۆن:** بەڕێز کۆنسێرتەکەت چۆن بەڕێوەچوو؟

**ژۆ:** زۆر باش!سوپاس، دووبارە سوپاس بۆ مێهربانیتان.

**بۆتۆن:** کارێکی بچووک بوو!

**ژۆ:** "بارۆن" بەڕاستی کۆنسێرتی کلاسیکی ئێمەی بەدڵ بوو، دوای نانخواردنی ئێوارە هێشتمانەوە بۆ ئەوەی لە هۆڵی سەما مۆسیقا لێبدەین، من و هەندێک لە هاوڕێکانم تا کاتژمێر ٣ی بەیانی لەوێ بووین و خەریکی ڕێکخستن بووین. بەهۆی ئەم "بارۆن" پارەی دوو هێندە پێداین.

**بۆتۆن:** بەڕاستی دڵخۆشم بۆ تۆ.

**ژۆ:** . کۆلارە و کەوان بە هەمان شێوە.

**بۆتۆن:** بە هیچ شێوەیەک باسیشی مەکە.ئەمەت پێشکەش دەکەم، پێشکەشکردنێک!زۆر دڵخۆشم بەو بابەتە، (کورسییەکی لە تەنیشت مێزە بچووکەکە پێشکەش دەکات)تکایە دانیشە!

(خۆی لەبەردەمیدا دادەنیشێت) لەم نێوەندەدا پێشنیارێکی سەرنجڕاکێشم بۆ تۆ هەیە، شتێک کە سەرسامت دەکات ... داوای لێبوردن دەکەم... دەمەوێت کەمانچەکەت لێ بکڕم.

**ژۆ:** کەمانچەکەم لێم بکڕی؟ بۆ چی؟

**بۆتۆن:** ویستم دیارییەکی جوان بدەم بە خوشکەزاکەم بە بۆنەی ١٥ ساڵەی لەدایکبوونی، بەڵێ ١٥ ساڵەی لەدایکبوونی،لە لایەکی ترەوە.. بەڕاستی دەمەوێت یارمەتی هونەرمەندێکی گەنج بدەم... .. هەر بۆیە..لەبەر ئەمە .... ئامادەم بۆ ئەم کەمانچەیە پەنجا هەزار فرانکتان پێشکەش بکەم

**ژۆ:** پەنجا هەزار فرانک؟! ئەمە پارەیەکی زۆرە!!(لەپڕ هۆش دێتەوە...)بەڵام، بەداخەوە، من ناتوانم ئەم کەمانچەیە بفرۆشم.

**دوگمە:** (نیگەران) ناتوانی بفرۆشی؟!.

ژۆ: بەڕاستی داوای لێبوردن دەکەم!ئەم کەمانچەیە میراتێکی خێزانییە، لە باپیری دایکمەوە بە میرات گەیشتووە، باپیری دایکم لە ئیتالیا دەژیا، دوای مردنی بوو ئەم کەمانچەیە لە ژووری عەمباری ماڵەکەیدا دۆزرایەوە.

بۆتۆن: (بە زەردەخەنەوە ، لە دڵی خۆیدا دەڵێت) ئیتالیا..ڕاستە، کەواتە ئەوە هەوە!(بۆ ژۆ) بەڕێزگیان...دوێنێ پێت وتم کە کێشەی داراییت هەیە؟

ژۆ: بێگومان لە دوێنێ شەوەوە کەمێک کەمتر.

بۆتۆن: باشە، هەندێک جار حەزم لێیە شێت بم. من نەك پەنجا هەزار فرانك، بەڵکو سەد هەزار فرانکت پێشکەش دەکەم، بەڵێ سەد هەزار فرانك بۆ ئەم کەمانچەیە، وە لە ئێستادا!دوودڵ مەبە.ئەمە دوا نرخمە.لە ژیاندا، دەبێت یەکجارەکی و بۆ هەمیشە هەڵبژێریت، ژیان بەبێ نیگەرانی... یان ئەم وۆنگ وۆنگە...

ژۆ:(کەمێک بیردەکاتەوە): ڕاست دەکەیت!باشە کاکەی ئازیز ئیتر ناتوانم بەرەنگاری ببمەوە... بەڵام بڕوا بکە من بە دڵێکی شکاوە ئەم ئامێرە بەجێدەهێڵم. ئەم کەمانچەیە نایاب و سەرنجڕاکێشە، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە بە هەموو چاکەکانییەوە، بە هەموو بەهاکەیەوە - بێگومان بەهای ڕۆحی - دەبێت بڵێم کە پێموایە شایەنی ئەو پارەیە نییە کە تۆ دەتەوێت پێم بدەیت.

بۆتۆن: وەک تێگەیشتم دەبێ گەنجێکی گونجاو بیت... (بە تۆنێکی ساختە) بەم کارە باشە، زۆرتر هەوڵ دەدەم یارمەتی ئەو هونەرمەندە گەنجە بدەم (ئاماژەی بۆ دەکەم) بەتایبەتی "گەنجێکی زۆر زۆر هونەرمەند". "

ژۆ: تۆ کەسێکی زۆر زۆر شیرینی ئاغای بۆتۆن، تەنانەت دەتوانم بەشێک لەم پارەیە بنێرم بۆ دایک و باوکم، بەڕاستی پێویستیان پێیەتی... تۆ زۆر میهرەبانیت!

بۆتۆن: (پێدەکەنن) وە تۆش "پاگانینی" داهاتووی!ساتێکم ئیزن پێ بدە، هەر ئێستا پارەکە دەهێنم و دەیدەم بەئێوە...

(ژۆ بە تەنیا دەمێنێتەوە، بۆ خۆشی گۆڤارەکانی سەر مێزەکە هەڵدەگرێت ، بۆتۆن لە پشت دوکانەکەوە دەگەڕێتەوە. چوار باندڵی فەسڵی پارە لەگەڵدایە، کە بۆ ژۆ درێژ دەکات).

بۆتۆن: تکایە هەر لێرە بژمێرە!

ژۆ: تکایە، من ناوێرم. لە لایەکی ترەوە بەڕاستی متمانەم بە ئێوە هەیە.

بۆتۆن: (کەمێک نارەحەت) کاتێکی خۆشم بەسەر برد.

**ژۆ: با ڕاستیەکتان پێ بڵێم. تا ئێستا ئەوەندە پارەم لەبەردەممدا نەبینیوە. دەبێت بڵێم... بەڕاستی دەبێت بڵێم سوپاس، سوپاس... باشە، چیتر بێزارت ناکەم، دووبارە دەستت خۆش بێت خوای گەورە بتپارێزێت ئاغای بۆتۆن!**

**بۆتۆن: خوا حافیزت بێ هاوڕێ گەنجەکەم !هەندێک جار سەردانم بکە!بە بینینت خۆشحاڵ دەبم ...لەم نێوەندەدا، من ئارەزووی کارەکانت دەکەم... خواحافیز!**

**(ژۆ دەڕوات. بوتۆن بە تەنیا دەمێنێتەوە)**

**چ ڕۆژێکی سەرنجڕاکێشە، وە چەند سوودی هەیە!جەنابی لوردی پارە داری ئینگلیزی چەند کاتژمێرێکی تر دەردەکەوێت، ئەوەندە پەرۆش بوو بە بینینی ئەم کەمانچەیە کە بە دڵنیاییەوە دێتەوە ئێرە... بەڵێ دەبێت چاوەڕێ بکەم...**

**(بە پەنجەی ئاهەنگ لێدەدات )**

**بەم حیسابە لەم مامەڵەیەدا چوار سەد هەزار فرانک قازانج دەکەم...**

**ڕەنگە من هەڵە بووم کە پێنج سەد هەزار فرانکی ئەوم زۆر زوو قبوڵ کردبێت...**

**، کەمانچە کە ئێستا هی منە. دەتوانم نرخەکەی بەرز بکەمەوە. بەڵێ نرخەکە بەرز بکەمەوە...**

# تابڵۆی چوارەم

## (ژک-ژۆ)

(دیمەنەکە لەبەردەم تابلۆیەکدا ڕوودەدات کە کوچەیەکی چۆڵ پیشان دەدات، شەوە...

ژک بە تەنیا دیت و دەڕوات و چاوەڕێ دەکات،بە چەپ و ڕاست دەڕوات و بەدەوری خۆیدا دەجووڵێت.
ژۆ دە یتە ژوورەوە.بە ڕاکردن و هەناسەی برکێ.پۆشاکێکی باراناوی زۆر شیکی لەبەردایە.)

ژۆ: سڵاو ژک!

ژاک: (کە لەهجەی ئینگلیزی نییە) ژۆ هاتیت!؟تۆ نازانی من چەند دڵخۆشم بە بینینی تۆ.لە ڕووخسارتدا دەبینم کە دەبێ فێڵەکەمان سەری گرتووە.

ژۆ: ئەم کراس فرۆشە گەمژەوقەرنیسە،کەمانچەکەی بە زیاتر لە پەنجا هەزار فرانک نەکڕی. بێگومان پێی وابوو کە گرێبەستێکی باشی کردووە.

ژک: وام لێکرد  باوەڕ بکات کە ئەمە کەمانچەیەکی ڕەسەنی ستراديڤاریۆسە.

کە من کڕیاری پێنج سەد هەزار فرانکم. پێم وایە تۆ کۆتاهاتویت. پێویست بوو زیاترت داوا کردبێت  . شتێکت کردوە کە وای لێکرد  کڵاو لە سەرت بنێ.

ژۆ: چونکە من هێشتا سەرەتاییم وفێر نەبووم!

ژک: (باوکانە) سەیرکە، لەم "پیشە"شەریفەدا،دەبێت  خاوەن بیری بەرز بێت. نابێت سۆزدار بیت و وروژاو بیت. نابێت شوێن کارەکانت لەدەست بدەیت یان پەرۆش بیت، ئەرێ ڕاستگۆیانە پێم بڵێ ئەم کەمانچەیە بە چەند کڕیوە؟

ژۆ:  لە بازاڕی کۆنەفرۆشەکان،لە زیادکردنێکدا دۆزیمەتەوە،لە هەموو کەمانچەکان هەرزانتر بوو.بە سەد و نەوەد و پێنج فرانکم کڕیوە.

ژک: ڕاستە سەد و نەوەد و پێنج فرانک کە دەبێ بخرێتە حسابی خەرجییە گشتیەکان.

ژۆ: (بە گاڵتەجاڕیەوە) ئەگەر گیر بخۆین دەتوانین ئەم پارەیە لە سەرۆکی دادگا قەرز بکەین.

ژک: ئەی گاڵتەچی!... دەزانی، ناچار بووم سی سەد فرانک بدەم بەئاغای بۆتۆن بۆ کراواتێکی سوور کە بە هیچ شێوەیەک پێویستم پێی نییە.

ژۆ:بە پێچەوانەوە "کراواتی سوور زۆر لەگەڵ تۆدا دەگونجێت...بەتایبەت" بەو لووتە درێژەتەوە...(پێدەکەنێت)ڕاستی ئەم بوتون گەمژەیە چاوەڕێتە.

ژک: با ئەوندە چاوەڕێ بکات تا بمێنێتەوە!... چ مرۆڤێکی تەماحکارە.مافی ئەوەیە.

ژۆ: بەڵام پێت وانییە ئێمە شتێکی مەترسیدارمان کردبێت.

ژک: بەهیچ شێوەیەک! ، ئایا لەبیرت چووە کە من ڕۆژێک خوێندکاری یاسا بووم... من بەباش شارەزام لە یاساکان... ئەمە جۆرێکە لە فێڵ  کە یاسایی نییە بۆی.بەهیچ شێوەیەک مەبەستم ئەوەیە، من ٪۱۰۰ نەمگوتووە ئەمە کەمانچەیەکی ڕەسەنی "ستراديڤاربوس"ە، دووەم: هەندێک جار تەنانەت کەسێکی شارەزا دەتوانێت هەڵە بکات، ڕاستە؟

ژۆ: مەبەستت ئەوەیە هەڵەت کرد... دەبێ بڵێین تۆ وەستای هونەری سووککردنی گیرفانەکانی!

ژک: بەڵێ دەتوانی بڵێی من بەهرەم هەیە. هەرئەمەو بس .

ژۆ: دوای ئەمە پێویستە بچیتە دوکانی کڵاو دوورین.

**شانۆی «چیرۆکی کراسێک و کەمانچەیەک،»**

**بەناو کۆمیدیای ڕووداوەوە ژیانی ڕۆژانە و ڕیالیزمی تێدایە، وە وەک ئەوە وایە لە ستوونی لاپەڕەی ڕووداوەکانی ڕۆژنامەکان دەرهێنرابێت، وە لە ڕاستیدا وەسفکردنی ساختەکاری دوو گەنجە، کاتێک یەکێکیان دەچێتە بوتیکێک بۆ ئەوەی کراسێکی قەرزکراو وەربگرێت، فرۆشیارەکە دەڵێت ئێمە لێرە جلوبەرگی قەرزمان نییە.**

**بەڵام گەنجەکە دەڵێت پارەم نییە و پێویستی بە کراسێکی نوێ هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ تیپە نوێیەکەیان نمایش بکەن.فرۆشیار گەرەنتی دەوێت.هەروەها دەڵێت، ڤیلۆنی کە میراتێکی خێزانییە و بۆ ئەوان زۆر بەنرخە، وەک گەرەنتی جێدەهێڵێت.**

**پاشان فرۆشیارەکە ڕازی دەبێت و دوای ڕۆشتنی، کڕیارێکی تر دێت کە لە گۆشەیەکدا سازەکە دەبینێت و بە یەکێک لە بەرهەمە ونبووەکانی کەسێکی ناودار دەزانێت و داوای کڕینی دەکات، بەڵام فرۆشیارەکە دەڵێت هی کڕیارەکانە و بۆ ئەوە فرۆشتن نییە ..**

**کڕیارەکە دەیەوێت بە ٥٠٠ هەزار فرانک بیکڕێت، فرۆشیارەکەش دەڵێت سبەی بە خاوەنی سازەکە دەڵێم.**

**لە کۆتاییدا بە سەد هەزار فرانک لە گەنجێک دەکڕێت.**

**لەم بەرهەمەدا نوکتەیەکی واقیعی هەیە کە باس لە تەماحی فرۆشیار دەکات و چۆن کوێری دەکات!**

**لەم نمایشەدا ڕیالیزم لە دیالۆگ و زمان و ڕووداوەکاندا ڕوودەدات.**